# ژنی کورد کەمتەرخەم نەبووە و ئازایانە هاتۆتە مەیدان



شەیما پالانی ـ فینلەندە

"زەعیفە" پێناسەیەکە بۆ ژنی کورد کراوە، کەواتە زەعیفە دەبێ داوای چی لێبکرێت و چاوەروانی چیی لێدەکەن؟

لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و لەرەوتی گەشەکردنی مرۆڤایەتیدا تاکو ئەورۆکە، ژن لەهەموو کەوتن و هەستانێك و دروستکردنێکدا و لە هەوڵدان بۆ دابین کردنی بژێوی رۆژانە و بۆ باشتر ژیانکردن هاوشانی پیاو بووە. پاش ئەو مێژووە درێژەی دایك سالاری کە تۆمارکراوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو مێژوونووسان پیاو بوونە، باس لەو سیستمە دەکەن کە پەیرەوکراوە بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە رەفتارێکی کە بۆنی هاڵاوردنی جنسی بکات لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر. پاش ئەوەی کە پیاو ئاگاداربووە لەوەی کە ئەو یەکێکە لەو لایەنانەی کە زاوزێ پێك دەهێنێت. هەوڵیدا بۆ لێژکردنی دەسەڵاتی دایکسالاری و هەوڵەکانی وەگەرخست بۆ گۆرینی ئەم سیستمە، بەڵام بەپێچەوانەوە هاوکات لەگەڵ هاتنە مەیدانی ژنی کرد بە ئامرازێك، کە کارەکانی رۆژانەی لەماڵەوە پێ ئەنجام بدات و دووری خستەوە لە دونیای واقیع و تراژیدیایەکی سەپاند بە سەریداو خۆشی وەك حاکم بە سەر سروشت و هەست و جەستەی ژندا زاڵکرد، بەڵام ژن کۆڵنەدەرانە ملکەچ نەبوو بەرانبەر بەو غەدرانە کە لێی دەچوون هەنووکەش پاش هەزاران ساڵ و هەندێ لە ناوچەکانی جیهان لەگەڵیان دەکرێت. چالاکانە کاری خۆی کرد و تێکۆشا تا گەیشتە ئەوساتە لەکۆمەڵگاو دەسەڵاتدا ئەو شوێنە شیاوەی خۆی کە لێی زەوت کرابوو بە خەباتی خۆی بەدەستی هێنایەوە. ئەوەتا ئەمرۆ دەبینین لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەو راستییە سەقامگیربووە کەژن توانای هەموو ئەو ئەرکانەی هەیە کە پیاو تەنیا لەتوانای خۆیدا دەیانبینێتەوە. بەڵام مخابن لە کۆمەڵگای ئێمە هێشتا ژن رێگای پێنەدراوە لەو هێڵە سوورانە دەرچێت کە بۆی دانراوە.

کاتێك باسی مافی ژن دەکرێت بێگومان راستەوخۆ باسی مافی مرۆڤ دەگرێتەوە، جا ئەوە کەوتۆتە سەر کۆمەڵگا چۆن پێناسەی ژن دەکات و چۆن مافەکانی بەفەرمی ئەناسێنێت. بەبێ لەبەرچاوگرتنی راستیەکان. ئەمرۆ بە بروای پیاوی کورد و هەموو حیزبە سیاسیەکان ژنان کەمتەرخەمن لەهەمبەر مافەکانی خۆیان. بۆیە مافیان لە زۆر بواری ژیاندا نیە.

بێگومان لەو کۆمەڵگایەدا کە هیچ حسابێك بۆ ژن نەکراوە حەتمەن کەسایەتیشی خاوەن هیچ جۆرە پێناسەیەکی باش نییە.

کاتێك ژنێکی کورد لە حاڵەتی منداڵ بووندایە، هەموو ئەندامانی بنەماڵە دڵە راوکێیانە لەوەی ئاخۆ مناڵەکە کچە یان کورە. ئەگەر کوربوو دڵخۆشییێکی یەکجار زۆر روو لەو ماڵە دەکات و تەنانەت ژنەکان زیاتر دەست خۆشی لێدەکەن تا دەگاتە رادەیەك ژنی مناڵهێنەر بەداخەوە حاڵەتێکی لەخۆبایی بوونی لا دروست دەبێت. بەڵام ئەگەر کچ بوو ئەڵێن خەمت نەبێ کوریشت دەبێ. ئەو پەیامە واتا تۆ کەسێکی ئاساییت نەبووە خەمی بۆ مەخۆ دەسەڵات نییە.

مرۆڤێك بە هاتنە دنیای بەم شێوە پێشوازیەی لێ بکرێت چاوەروانی چی بکەیت؟

کچی کورد لەوەنیە کە هەر بەمناڵی شتی وای بۆ وتراوە، بەڵکو هەر لەتەمەنی دوازدە ساڵییەوە کەسێکی تر هەیە دابینکەری بژێوی رۆژانەیە، داگیر کەری مافیەتی، بەدیهێنەری ئامانجەکانیەتی و لە هەمانکاتدا پارێزەری کەسایەتییەتی. تەنیا پێناسەیەك بۆ ژنی کورد کرابێت و بکرێت ناموسە. ژن لە هەموو بوارەکانی تری ژیانی رۆژانەی خۆی و دەوروبەری بەتەواوی پاسیڤە چ لە کۆمەڵگای بچووك واتە ماڵ چ لەکۆمەڵگای گەورە کە خۆی ئەندامی هەردووکیانە بەجەستە. مرۆڤ هەموو کاتێك هەوڵ دەدات کە گرنگیەتی بدات بەو شتانەی کە کەسانی گەورە و خاوەن کەسایەتی بەرز هەڵیاندەسەنگێنێ. لەکۆمەڵگای کوردەواریشدا تەنیا شتێك پلەو پایەی بەرزبکاتەوە بیگەیەنێتە ئاستێك کە کۆمەڵگا لێی رازی بێت و بە مرۆڤێکی باش بانگەشەی بۆ بکەن، پاراستنی ناموسیەتی ئەویش نایکات بەخاوەنی کەسایەتی، تەنیا بۆ ئەوەیە کە بنەماڵە سەر بەرز بکات. ئەوانیش پیاوانن، چونکە لە کۆمەڵگای کوردی، پیاو خاوەنی هەموو شتێکەو حیساب بۆ پیاوکراوە. ژنی کورد لەگەڵ ئەوەی کە باوەری پێنەهێنراوەو پێناسەیەکی ئینسانی بۆ نەکراوە، ئەرکەکانی بەباشی راپەراندووە. هەرکەسێك تا مافی پێنەدرێت وە مافەکانی بۆ دابین نەکرێت، ناتوانین داوای واجبێکی لێبکرێت. هەرکەسەو بەئەندازەی ئەوە دەتوانێت ئەرکی سەرشانی جێبەجێ بکات کە زەمینەی بۆ ساز کرابێت و مافەکانی بۆ دابینکرابێت. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیانە بۆ پیاوان، ژن کەمتەرخەمە

ژمارە ٧
تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧

لەهەمبەر مافەکانی خـۆی. لەکۆمەڵگای کورددا ئـەو میکانیزمانــە کە تێیـدا پەیـرەو دەکرێت لەهەمـــوو ئەندامانـــی کۆمەڵگـــا گەورەتـــرە و بەهێزتـرن. هـەر هەمان میکانیـزم جەخت لەسـەر دەستـی بـاڵای پیـاو دەکاتــەوە و ژنان وەك کەرەستـەیەك نیشـان دەدات. دیارە هەموو جۆرە گۆڕانکاریەك لەهەمـوو کۆمەڵگاکانی دنیا بەدی دەکرێـت. هۆی نەگۆڕانی ئەم سیستـەمە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کـە لەبەرژەوەندی پیاودا نیە بگۆڕێت.

پێناسـەکردنی هـەر مرۆڤێـك گرینگـە و کاریگەری زۆریشـی هەیە لەسەر چالاك و سستی لـەوەی کە باوەری پێببەخشـێ و هانی بدات بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خۆی. پێناسـەیەك کە بۆ ژنی کورد کراوە وشەی زەعیفەیە. کەواتە زەعیفە دەبێ داوای چـی لێبکرێت و چاوەروانی چی لێدەکەن؟

پەندی پێشـینان کە شتێکە لە کۆنەوە بۆمان ماوەتەوە رۆژ نیە ئەو پەندانە لە شـوێنی خۆی بـەکار نەهێنرێـت. بـەڵام پەنـدە کوردییەکان بـۆژن ئەڵـێن کـور کۆڵەکەیەو کچ میـوان یان ژن کۆڵەکەیـە، تەنهـا بێهێـزی ژنـی تیا بەدی دەکرێت. کـچ میوانە لە ماڵـی بابی خۆی بەڵام کاتێك رۆیشـتە ماڵی مێردی دەبێـت بەکۆڵەکە. بۆئـەوەی ماڵی بۆ رێك و پێك بکات و میوانی بۆ بەرێ بکات و پیاوەکە بەسەخی و ماڵدارو ماقوڵ ناوبانگ دەرکات.

ئایـن ئەڵێ ژن کەسـی دووەمـە ئاینیش زاڵە بەسـەر کۆمەڵگـەدا رەفتـاری باش پەیوەسـتە بەهەڵسوکەوتێك کە چەند ساڵە دامەزراوە.

یاسایەکیش کە راستەخۆ لە ئاینەوە وەرگیراوە ژن لەبەرامبەر یاسـاش وەك پیاو نییە و دوو ژن بەقەد پیاوێکن. بەهەڵسـەنگاندنی ئەو پێوەرانە روون دەبێتەوە کەچ ئاقارگەلێك لەئارادا هەیە بۆ هەرەس هێنان بەژنان . ئاشکرا دەبێت ژنی کورد بێدەنگە لـەوەی وەك مرۆڤێك داوای مافی خۆی بکات یان نە؟

بۆ لە ریشـە دەرهێنانی ئەم گرفتانە سـەدان سـاڵ خەبات پێویسـتە ئەم خەباتـەش هەموو چـین و توێژەکانـی کۆمـەڵ دەتوانـن بیکەن. ئەوەشمـان دەبێـت لەبیر نەچێت کـە ئەمرۆش زیاتر لە٧٠٪ژنانی کورد زمانێکی پیاو سالارانەیان هەیە، ئەمەش هۆیەکە کە هەر لـە منداڵییەوە پیاو بەو شـێوەیە دیاردەکانی پێناساندووە و وای لێکردووە کەسڵ بکات لەخۆی و لە ئازایەتی خۆی بەگومان بێت. پیاوی زۆرمان هەیە کە بەرۆشنبیر و هۆشـیار خۆیان دەناسێنن، بەڵام زۆرجار دژ بە قەڵەمی ژنان دەوەستن. تەنانەت لە بنەماڵەکانی خۆیانیشدا دژایەتی دەروونی دەکەن لەگەڵ ژنانی بنەماڵە.

لە زۆر شـوێنی دونیا ژنـان تارادەیەك مافیان بەدەسـت هێناوە، بەڵام بۆ تا ئێسـتا ژنانی کورد نەیانتوانیـوە ئەو هەنگاوە هەڵێنێتەوە کە ژنانی تری دونیا تارادەیەك پێی گەیشتوون؟

پاش روودانی شۆرشـی پیشەسازی لە فەرەنسا و دادگاییکردنـی پێکهێنەرانی شـۆرش لەلایەن کۆنسـرواتیزمیەکانەوە و هەسـتانی لیبرالەکان بـۆ بەرەنگاربوونەوەیان یەکێك لەو خاڵانەی کە باسـیان لێکرد بۆ یەکەمجار یەکسانی بوو. ئەمە خۆی مەبەسـت لەوەیە کـە پیاوانی وڵاتانی دی، رێگای زیاتریـان بۆ ژنان ئاوەڵا کـردووە، هێزی سیاسی یەکەم هەنگاوی ناوە بۆ هاوکاری ژنان. تا سەدەی نۆزدە زۆر رێکخراوی ژنان دامەزرا، بەڵام نەیاندەتوانـی ئامانجێکـی ئەوتۆ بەدەسـتبێنن، چونکـە هیچ کەس پشـتیوانیەکی گـەورەی لێ نەدەکردن. پاش بەهێزبوونی سۆسیالیسـتەکان، بزووتنـەوەی ژنانیـش توانـی ئـەو رێگەیـە لـە وڵاتانـی ئەوروپا بپێکـێ، کـە خەباتیان بۆ دەکرد. هەر لە سـاڵی ١٩٤٥ کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا تا ساڵەکانی ١٩٦٥ خەباتی ژنان لـە ئەوروپا گرینگیەکی زۆری پێدەدرا، لەو ماوەیەدا چوار کۆنفرانسی رەسمی بۆ ژنانی جیهان پێکهات. چونکە ئێمەی کورد دەسـتی داگیرکەران بەسەرماندا زاڵ بووە ژنانی کورد هەر لەبەرئەوە دەرفەتیـان نـەدراوە لە هـەل و مەرجێکی بەو شێوەیە بەشداربن. بەڵام کەم تەمەنترین حیزبی کوردی تەمەنی لە بیسـت سـاڵ زیاترە تا ئێستا کۆنفرانسـێك کـە لەبەرژەوەندی ژنـان دابێت پێکیان نەهێناوە، هیچ جۆرە کارێکیان نەکردووە کە بتوانێت لەسـەر کۆمەڵگا کاریگەری دابنێت. جیـا لەدروشمگەلێك کە بۆ خۆنیشـاندان هیچی تری تیا نییە. ئێستاشـی لەگەڵ بێت سـەرکردە حیزبییـەکان گومانیـان هەیـە کـە بتوانـن کۆمەڵگایەکی یەکسـان دروست بکەن. بۆ نموونە ماوەیـەك لەمەوبـەر یەکێك لەو کەسـایەتییە سیاسـیانەی کورد کە تا سـێ سـاڵ لەمەوپێش سـکرتێری حیزبێك بوو، پێیوایە بۆ بیست ساڵی تر پێنـج ژن واتە کەمتر لـە ٢٠٪ دەتوانێ لەناو دەسـەڵاتی ئەو حیزبە جێی ببێتەوە. لەهەموو کـۆڕ و کۆبوونەوەیەك و چاوپێکەوتنێکدا پیاوان خۆیان پێکەوە دادەنیشن ژنێکیش لەگەڵ خۆیان دەبـەن بـۆ جوانی. ئەمـە نەزانین لـەژن نییە بـۆ جوانـی دانـراوە، بەڵکو حیزبـەکان دوورن لەسیسـتمێکی ئایدیـاڵ و نوێ. ژنـی کورد زۆر ئازایانـە هاتۆتە مەیـدان و خەباتی نەتەوایەتی و کەسایەتیشـیان کردووە. ئـەوان یەکەم توێژی کۆمەڵگـان کە دژ بە کۆنەپەرسـتی وەسـتاون. مرۆڤێـك کە ئەم هەمـوو کەند و کۆسـپەی لە بەردەمدابێت، بێگومان هەر ئەوەشـی لەدەسـت نایـەت کە ژنی کورد توانیویەتـی بیپێکێ. بۆیە بۆمان ئاشـکرا دەبێت کە ژنی کورد چەندە ئازاو بوێرانە داکۆکی لە مافی ئینسانی خۆی کردووە.

**کاتێك ژنێکی کورد لە حاڵەتی منداڵبووندایە، هەموو ئەندامانی بنەماڵە دڵە راوکێیانە لەوەی ئاخۆ مناڵەکە کچە یان کوڕ**